ئایانا پرێسلی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی بۆستن:

# بایەخ بە کچان بدەن و گوێ لە خواست و هیواکانیان بگرن



# کچانی شەکەت و تێکشکاو.. خانمی تێکشکاویان لێ دەردەچێت

**کچێکی تەمەن ١٨ ساڵان قوتابیی زانکۆیە و پڕ بەدڵ خوازیاری ئەوەیە خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێرێت، بەڵام لە باتی ئەوە دەیکەن بە سکرتێرە! کچە قوتابییەکی دیکە کە تەمەنی ١٧ ساڵانە جورئەت بە خۆی نادات و ناوێرێت لەناو پۆلدا دەست بەرزبکاتەوە کچێکیش تەمەنی ١٥ ساڵانە لە ناو قوتابخانەکەی و کۆمەڵگەکەشیدا هەست بە ئارامی و حەوانەوەو ناکات! یەکێکی دی کە تەمەنی ١٤ ساڵانە لە یەکەم پەیوەندیی خۆشەویستی تووشی شکست بووە!**

**خاتوو ئایانا پرێسلی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی حکومەتی شاری بۆستنی پایتەختی ویلایەتی ماساتشۆتسدی ئەمریکییە،ئەم خانمە رەش پێستە یەکێك بوو لەو خامانەی بۆ پەنێڵی (چۆن خانمان دەبنە سیاسەتمەدار) بانگهێشت کرابوو،کە لە ٧ی ئۆکتۆبەری٢٠١٣ و بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە هۆڵی چۆن هانکۆك لە کۆلیژی سمنس لە شاری بۆستن بەڕێوەچوو، پەنێڵەکە تەرخان کرابوو بۆ یادکردنەوەی ئەو وتارە مێژووییەی خاتوو ئەنجیلینا گرمکی،کە لە ساڵی ١٨٣٨داو لە بەردەم پەرلەمانی ماساتشۆتس وەك نوێنەری ٢٥ هەزار ئافرەتی ئەو ویلایەتە خوێندییەوە و تێیدا داوای کردبوو کە مافی دەنگدان بە ئافرەت بدرێت. ئەمەش دەقی ئەو وتەیەیە کە خاتوو ئایانا پرێسلی لە پەنێڵەکە پێشکەشی کرد.**

((ئەمڕۆ لێرەدا هەمووومان یادی وتارە مێژووییەکەی (ئەنجیلینا گرمکی)ی خوشکی رابەرمان دەکەینەوە، کاتێ بوێرانە لە ساڵی ١٨٣٨و لەبەردەم دادگای گشتی وەستا و گوتی:(من وەکو هاووڵاتییەك لەبەردەمتان وەستاوم)، ئێمە کە لێرەدا کۆبووینەتەوە رێز لەو هەڵوێستە مێژووییەی خاتوو ئەنجیلینا گرمکی دەگرین، ئەو بەر لە ١٧٥ ساڵ چەندین داواکاری بۆ خانمان بە بڕوا بەخۆبوون و چاو نەترسانە خستەڕوو، ئەوەتا ئەمڕۆ سوپاس بۆ خوا بەری رەنجی ئەو هەڵوێستە دەچنینەوە.

من وەك خانمێکی رەش پێست هەموومانیش وەك ئافرەت بۆ رێزگرتن لە کارو رەفتارەکانی ئەو خانمە لێرەدا کۆبووینەتەوەو دووپاتی دەکەمەوە کە ئەنجیلینا گرمکی بە هەنگاوێك دەستی پێکرد، بەڵام ئەم پرۆسەیە بەو رۆژەوە تاکو ئەمڕۆ هەر بەردەوامە، پرۆسەکەی ئەو خانمە لە دوو ئاستدا دەستی پێکرد، یەکەمیان کە تایبەت بوو بە خۆی کە دواتر بووە ناوبانگێك بۆ خودی ئەنجیلینا گرمکی، چونکە ئەو خانمێکی چالاکوان و فیمینیست،هاوکات دژی کۆیلایەتی بوو، دووەمیشیان لەسەر ئاستی وڵاتمان بوو، چونکە بووە فاکتەرێکی هاندەر بۆ هەنگاوهەڵێنانی بەردەوام لە پرسی ئافرەتدا و بەم شێوەیەی ئێستا بەڕێوەچوو.

لەم یادەدا زۆر گرنگە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئەنجیلینا گرمکی بەر لەوەی خانم بووبێت کچ بووە، بۆیە زۆر گرنکە پێش ئەوەی بیر بکەینەوە کە چۆن خانمان دەبنە سیاسەتمەدار بێین و بە تێروتەسەلی قۆناخی ژیانی کچانمان دیراسە بکەین و بە تەواوی شارەزای ئەو قۆناخە راگوزارییە بین کە کچ

**کاتێ پێگەیشتم، ئەو رۆژە سەختانەم دەهاتەوە یاد کە تا چەند باکگراونێکی نالەبارە سەختم هەبووە،لەبەر ئەوە بڕیارم دا بە هیچ شێوەیەک نەبمەوە بە دیل و بارمتەی سەردەمی رابردووم من بە پشتگیری دایکم بوومە سیاسەتمەدار، دایکم کاریگەریی گەورەی بۆ سەر رەوتی ژیانم هەبوو،ئەو مرۆڤە بەرزە بە شێوەیەک ژیانی خۆی بۆ من تەرخان کرد تاکو چی دیکە نکوڵی لە دەنگم نەکرێت و مافەکانم پێشێل و زەوت نەکرێن**



تێیــــدا پەروەردە دەبێت و دوا جـــار دەبێت بە خانم. ئەوانە هەر ئەو کچانەن کە ڕۆژانە بەرچاوم دەکەون و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم، ئەوان ڕێگەیان لێگیراوە و بواری ئەوەیان پێ نادەن پێشـــکەون و بەهێزبن، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو جیهانەی ئەو کچانە تێیــــدا دەژین،بەرامبەرەکانیان وەك مرۆڤ سەیریان ناکەن و مامەڵەشـــیان لەگەڵدا ناکەن، بۆیـــە لێرەدا دووپاتی دەکەمەوە کە زۆر گرنگە گوێ لە کچان بگرن و بە هیواو داخوازییەکانیان ئاشنابن.

چەندین نموونەی زینـــدوو دەربارەی کچان دەخەمەڕوو: کچێکی تەمەن ١٨ ســـاڵان قوتابیی زانکۆیە و پڕ بەدڵ خوازیـــاری ئەوەیە خۆی بۆ ســـەرۆکایەتی هەڵبژێرێت، بەڵام لە باتی ئەوە دەیکەن بە سکرتێرە! کچە قوتابییەکی دیکە کە تەمەنی ١٧ ساڵانە جورئەت بە خۆی نادات و ناوێرێت لەناو پۆلدا دەســـت بەرزبکاتەوە! ئەوەتا کچێکی دیکەش کە تەمەنی ١٥ ســـاڵانە بە هیچ شێوەیەك چ لە ناو قوتابخانەکەی چ لەناو کۆمەڵگەکەشـــیدا هەست بە ئارامی و حەوانەوەو دڵنیایـــی ناکات! یەکێکی دی کە تەمەنی ١٤ ســـاڵانە لە یەکەم پەیوەندیی خۆشەویستی تووشـــی شکست بووە! دوا نموونەش کچێکی ١٢ ساڵانە ئەوەنـــدە بێ متمانە کراوە، تەنانـــەت لەخۆی ڕانابینێت وانەی بیرکاری یان زانستەکان شرۆڤە بکات.

لـــە نـــاو کۆمەڵگەکەماندا کاتێ کچان بەم شـــێوەیە بە شەکەتی و تێکشـــکاوی پەروەردە دەبن هەمیشە خانمی تێکشکاویان لێ دەردەچێت، من ڕۆژانە هەوڵدەدەم و کۆشش دەکەم لە پێناو نەهێشتنی کێشەو گرفتی کچان لە رووی کەمدەرامەتی و توندوتیژی کە فاکتەری دەستپێشخەرن لە زیاتر قووڵکردنەوەی تێکشـــکانی کچانمان، کێشەی هەرە گەورەش لەوەدایە کە خودی کچان تا ئێستا نازانن تا چەند کاریگەریان هەیەو هێزو پێگەیان چەندە، سەبارەت بەم خاڵە من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لەمەدا چەندین ساڵ شارەزاییم هەیەو توانیم لەبەر چەند هۆکارێك بە تەواوی پارێزگاری لە دەســـەڵاتەکانم بکەم،هەر لەم روانگەیشەوە ڕێگام بۆ خانمانی دیکەش خۆش کرد و یارمەتیم دان تاکو توانای ئەوەیان هەبێت کەی و چۆن بڕیار بدەن و کاروباریان بەڕێوە ببەن،من کاتێ پێگەیشتم و گەیشتمە تەمەنێکی دیارو گونجاو،رابردووی خۆم هێنایەوە بەرچاو، ئەو ڕۆژە سەختانەم دەهاتەوە یاد کە تا چەند باکگراونێکی نالەبارە ســـەختم هەبووە،لەبەر ئەوە بڕیارم دا بە هیچ شـــێوەیەك نەبمەوە بە دیل و بارمتەی سەردەمی رابردووم،هەر بۆیە توانیم بە تەواوی کۆنترۆڵی هەموو هێز و تواناکانم بکەم و ئازاد بم، هەر لەم رووەوە تەکانێکی بەرچاوم بە خۆم دا و خۆم لە پێگەیەکی جێگیر قایم کرد تاکو لەشـــکرێکی گـــەورەی کچان و خانمان لە مەینەتی و ئەشـــکەنجەو چەوسانەوەی هاوشێوە ئازاد بکەم،رەنگە پێتان خۆش بێت ئەوەتـــان بۆ باس بکەم کە چۆن بووم بە سیاســـەتمەدار، بۆیە بەر لە هەموو شتێك باسی دایکم دەکەم کە تا چەند کاریگەریی بۆ ســـەر رەوتی ژیانم هەبوو و بووە مایەی سرووشم و وەك چالاکوانێك کاری دەکرد،ئەو مرۆڤە بەرزە بە شـــێوەیەك ژیانی خۆی بۆ من تەرخان کرد تاکو چی دیکە نکوڵی لە دەنگم نەکرێت و مافەکانم پێشێل و زەوت نەکرێن،هەر ئەو لاکردنـــەوەی دایکم بوو کە دواجار بووە بناغەیەکی بەتین و هانی دام پێداگریی لە سەر کارکردنم لە بواری سیاســـەتدا بکەم و لەسەریشـــی بەردەوام بم، دەمـــەوێ ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بدەم ئەویش مکوڕیی و ســـووربوونم بوو لەســـەر خۆ کاندیدکردنم لە کۆلیژ بۆ پۆستی ســـەرۆکایەتی،چونکە پاشـــخان و زەمینەیەکی پتەوی پێش وەختەی سیاســـیم هەبوو،ئەوەشتان بۆ باس دەکەم کە خەڵاتێکی نایابم لە کۆنگریســـمان جۆزیف پی کەنـــەدی- دووەم لەگەڵ جۆن کێری- ی ســـیناتۆری ئەمریکـــی وەرگرت،من لێرەدا حەزدەکەم پێتان ڕابگەیەنم کە دووجار مێژووم تۆمارکردووە، خەڵکی ئەم شارە مەزنە متمانەیان پێ بەخشیم و ئەو شەرەف و بەرپرسیارێتییەیان پـــێ رەوا بینیم کە نوێنەرایەتییـــان بکەم، دەتوانم ئاماژە بەو راستییە بدەم،کاتێ (شـــێرلی چیزم) کە وەك یەکەم خانمی رەش پێســـت بۆ ســـەرۆکایەتیی کۆمار کاندید بکرێت، پرسیاریان لێی کرد،چۆن خەڵکی یادت بکەنەوە؟ لە وەڵامدا گوتی: نامەوێ بەو شـــێوەیە یاد بکرێمەوە، تەنیا وەك خانمێکی رەش پێســـت کە بە بوێرییەوە توانی گوزارشـــت لە ناخی خۆی بکات،بۆیە خوشـــکانم،ئەمە رووبەڕووبوونەوەی ئێمەیەو ئەرکی سەر شانمانە، پێویستە زیاتر جەخت بکەینەوە لەوەی کە هەموو کچانمان هەست بـــە تواناو بەهێزیـــی خۆیان بکەن و گوزارشـــت لە ناخ و دەروونی خۆیان بکەن،چونکە بەم شـــێوەیەو لەوکاتەدا دەتوانن ببن بە سیاسەتمەدار.


**ڕێز لەو هەڵوێستە مێژووییەی خاتوو ئەنجیلینا گرمکی دەگرین، کە بەر لە ١٧٥ ساڵ چەندین داواکاری بۆ ئافرەتان بە بڕوا بەخۆبوون و چاو نەترسانە خستەڕوو، ئەوەتا ئەمڕۆ بەری رەنجی ئەو هەڵوێستە دەچنینەوە**

**کێشەی هەرە گەورەی کچان لەوەدایە کە خودی خۆیان تا ئێستا نازانن تا چەند کاریگەرییان هەیەو هێزو پێگەشیان چەندە**

**ئەنجیلینا گرمکی بەر لەوەی ئافرەت بووبێت کچ بووە، بۆیە زۆر گرنگە پێش ئەوەی بیر بکەینەوە کە چۆن خانمان دەبنە سیاسەتمەدار دەبێت بە تێروتەسەلی قۆناخی ژیانی کچانمان دیراسە بکەین**

# ژنی کوردستانی لەنێوان ئاین و حیزب و خێزاندا

١



دکتۆر عادل باخەوان*
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

**هـــەروەك چــۆن كۆمەڵگەی روســـی، كۆمەڵگەی ئەمریكـــی، كۆمەڵگـــەی نەرویجـــی، كۆمەڵگەی مەغریبـــی لەنێـــو مێـــژووی بەشـــەریدایە، ئاواش كۆمەڵگەی كوردســـتانیش لەنێو هەمان مێژوودایە و خاوەنی هەمان چوارچێوەی مرۆییـــە. بێهودەنییە، لە نێو سنورە گشتیەكاندا، خەونەكانی كچێكی پاریسی ســـەبارەت بە دەستگیركردن لە مافە یونیڤێرسالەكانی وەك مرۆڤێكی تاك، هەمان ئەو خەونانەن كە ئومێدی ژیان بە كچێكی سلێمانی دەبەخشن. بەدیوێكی دیكەدا، پرسی میتۆد لەســـەر ئاستی یونیڤێرسال كاردەكات و هەر هەوڵێك بۆ دوورخســـتنەوەی بەناوی شەرعیەتی «تایبەتمەنـــدی» كلتـــوری، ئاینـــی، ئەخلاقـــی، ترادیسیۆنەوە بێمانایە و لای من رەددەكرێتەوە**

*** پرسی میتۆدا!**

ژن وەك لاشـــەیەكی داگیركراو لەلایـــەن نێرینەكانەوە، ژن وەك ئەكتەرێكی ئـــازادی جیهانی كۆمەڵایەتی، ئەو دوو جیهانبینیە ســـەرەكیەن كە لە پەنجا ســـاڵی رابوردودا جیهانی زانســـتە كۆمەڵایەتیەكانیان كرد بە دوو بەشەوە و وەك دوو جەمسەرەی سەرەكی بیركردنەوە، رامـــان، لێكدانەوە، خوێندنەوەی فاكتەكان هەریەكەیان ســـەدان زانای بەلای خۆیدا راكێشا. جیهانبینی یەكەم قوتابخانەی رەخنە بەگشتی و پیەر بۆردیۆ بەتایبەتی لە پشتیەوە وەستاون و جیهانبینی دووهەمیش قوتابخانەی «ئەكشـــن» بەگشـــتی و ئـــالان تورێـــن بەتایبەتی دروستیانكردووە.

تاچەند ململانێی ئـــەم قوتابخانانە یارمەتی ئێمە دەدەن و بەكەڵكـــی ئێمە دێن؟ ئێمە لەبەشـــەكانی رابوردودا بە وردی روونا كیمان خســـتە ســـەر هەریەكێك لەم دوو جیهانبینیە و جومگە بە جومگـــە لەیەكمان ترازاندن. بێگومان من چەند پێموایە كە «سەپاندن»ی میتۆدێك بەســـەر واقیعێكـــی «تایبەتدا»، بەبـــێ بیركردنەوە، هەڵوەشـــانەوە و هێنانە دەنگـــی، هەڵەیەكی گەورەیە، هێندەش هەوڵنەدان بۆ تێگەشـــتن لە میتۆدە گەورەكان هەڵەی گەورەیە. راســـتە ئەو میتۆدانە لە چركەساتە خاوەكانیاندا ناتوانن دنیای ئێمە بخوێننەوە، بەڵام ئەوەش راســـتە كە بەبێ «تەعبیئە»كردنیان، تێگەشـــتن لە دنیای كۆمەڵایەتی گریمانەیەكی جێبەجێنەكراوە.

ئەم بنەمایە چەند بۆ فەرەنســـیەك، بۆ بەریتانیەك، بۆ بەرازیلیەك، بۆ تونسیەك، بۆ ئێرانیەك، بۆ سەنیگالیەك

راستە، هێندەش بۆ ئێمە راستە. هەروەك چۆن كۆمەڵگەی روسی، كۆمەڵگەی ئەمریكی، كۆمەڵگەی نەرویجی، كۆمەڵگــەی مەغریبی لەنێو مێژووی بەشــەریدایە، ئاواش كۆمەڵگەی كوردستانیش لەنێو هەمان مێژوودایە و خاوەنی هەمـــان چوارچێوەی مرۆییە. بێهودەنییە، لە نێو سنورە گشتیەكاندا، خەونەكانی كچێكی پاریسی سەبارەت بە دەستگیركردن لە مافە یونیڤێرسالەكانی وەك مرۆڤێكی تاك، هەمان ئەو خەونانەن كە ئومێدی ژیان بە كچێكی سلێمانی دەبەخشن. بەدیوێكی دیكەدا، پرسی میتۆد لەسەر ئاستی یونیڤێرسال كاردەكات و هەر هەوڵێك بۆ دوورخستنەوەی بەناوی شەرعیەتی «تایبەتمەندی» كلتوری، ئاینی، ئەخلاقی، ترادیسیۆنەوە بێمانایە و لای من رەددەكرێتەوە.

لەم ســەرەتا میتۆدۆلۆژیەوە دەكرێــت ئێمە بڕۆینە نێو ئیشكالیەتەكەمانەوە: ئایا ژنی كوردستانی ئەكتەرێكی ئازادە یان لاشەیەكی داگیركراو؟ ئایا قوربانی دەستی ســتراكتۆرە زەبەلاحە مێژووییەكانە یــان كائینێكی راپەڕیوی خۆ-دروستكار؟ ئایا مرۆڤێكی دەستەمۆكراو و ماڵیكراوە یان یاخیەكی بەرهەڵستكار؟

هەر توێژینەوەیەكی زانستی لەسەر ئامادەییەكانی ژن لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا، بەجۆرێك لە جۆرەكان، لە ئاستێك لە ئاستەكاندا دەمانباتەوە سەر سێ «ماكرۆ» ســتراكتۆری دەزگایی كە دەســەڵاتی دروستكردنی چەندیــن دەزگای دیكەیان هەیە و رەگوڕیشــەكانیان بەنێو مێژووی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردستانیدا درێژبووەتەوە. سێ ســتراكتۆر كە دەكرێت بەم شێوەیە بیانخەینــە نێــو سیســتەمێكی پلەبەندیــەوە: ئاین، حیــزب، خێــزان. بێگومــان لەبەرامبەر هــەر یەكێك لەم ستراكتۆرانەشــدا ئێمە تێبینــی چەندین فۆرمی بەرنەگاریبوونەوە دەكەین.

لێــرەوە ئەم توێژینەوەیــە تەرخاندەكەین بــۆ رووناكی خستنە ســەر ئەم رەگەزانە: ژنی كوردستانی و ئاین، ژنی كوردســتانی و حیزب، ژنی كوردستانی و خێزان، فریادڕەس لە یادەوەری ژنی كوردســتانیدا و پاشــان فۆرمەكانی بەرەنگاریبوونەوە و دەركەوتنی ژنی ئازاد.

*** ژنی كوردستانی و ئاین**

مێژووی كۆمەڵگەی كوردســتانی، وەك هەر یەكێك لــە كۆمەڵگەكانی دیكەی جیهانی ئیســلامی (من گوزارشتی جیهانی ئیسلامی وەك چەمكێكی راڤەكار بەكارناهێنم، چونكە دەزانــم ناوەڕۆكێكی دامەزراوی نییە، بەڵام تەنها دەســتەواژەیەكە بــۆ ئاماژەكردن بە پانتاییەكــی جوگرافی كە رەنگــە یارمەتی خوێنەر بدات بۆ تێگەشتن لەوەی كە باسیدەكەم)، لەنێو ئایندا دروســتبووە و لەنێو ئایندا دەجوڵێتەوە و بەبێ وەرگرتنی ئایــن وەك مەیدانی توێژینەوە زۆر ئەســتەمە ئێمە لە «فاكتە كۆمەڵگەییەكان» تێبگەین.

ئاین (كاتێك باس لە ئاین دەكەین بێگومان مەبەستمان لە ئاینی هەژموونداره، واتە ئیسلام) وەك دەركەوتەیەك لەنێو«ترانسانداس/فەوقیەت»لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، لە ســەرەوە بۆ خوارەوە، لە خواوە بۆ مرۆڤایەتی» دەكرێت مەیدانێكی گرنگی تیۆلۆژیا یاخود فەلسەفە بێت، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەوەی پرســیاری ئێمەیە رەهەندی «ترانســانداس/فەوقی» ئایــن نییە، بەڵكو چۆنیەتــی دەقگرتنێكی لەنێو مێــژووی كۆمەڵگەی ئێمــەدا وەك دەزگا؛ واتــە خۆلەچاپدانەوەیەتــی وەك كتێبێكی دەزگایــی، خۆوەرگێڕانیەتی بۆ دەزگایەكی مێژوویــی كــە لەنێو هەزار ســاڵی رابــوردودا، وەك سیستەمێك لە جەبری دەســتەجەمعی، بەسەر تەواوی كێڵگەكاندا كشاوە و هەژموونی خۆی فەرزكردووە.


لەنێو ئەم سیســتەمە جەبرگەراییەدا، بســت بە بستی لاشــەی ژن، ژنی لاشــە، ژن وەك لاشــە، بە چەندین نۆرم، یاســا، گرەو، ســتراتیژ، حەرام، حەڵاڵ، جائیز، مەكروهو موباح رێكخراوە. ســەر، قژ، چاو، لوت، لێو، چەناكە، مل، سنگ، سک، ران، پێ، پێشەوە، پاشەوە، شان، پشــت، پێكەوە لەنێو رێكخستنێكی هارمۆنیدان، وەك «ئیقاعێكی» مۆســیقی رێكخراوان، لەسەر یەك ئاهەنگی تایبەت دەجوڵێنەوە.

لە كۆمەڵگەی كوردستانیدان، پێش لەدایكبوونی هەر ژنێــك، ئاین جیهانی كۆمەڵایەتی بــۆ ئامادەكردووە، جیهانــی كۆمەڵایەتی نەك هەر بــۆ دەركەوتنەكانی وەك یەكەیەكــی «یەكگرتــووی یەكگرتووكــراوی یەكگرتووكار» لە پانتاییە گشتی و تایبەتەكاندا، بەڵكو بۆ هەر «پارچەیەك» لە لاشە سیستەمیەكەیشی.

لێرەوە ئەم ستراكتۆرە دەزگاییە، جەبرگەرایە، مێژووییە، پارچەكانی لاشەی ژن، لەسەرەوە تا پێ، دەخاتە بەردەم تاكە گریمانەیەكەوە كە بریتییە لە «ئیندیماج»؛ واتە چۆنیەتی تێكەڵبــوون، توانانەوە، ئاوێزانبوون، چوونەنێو چوارچێوە ئامادەكراوەكانەوە. واتە لاشەی ژن لێرە نییە بۆئــەوەی كە ببێت بە مەیدانی بەدیهێنانی خواســت، خەون، ئارەزوو، بەرژەوەندی و ستراتیژیە «فەردیەكانی» ژن وەك خودێكی ســەربەخۆی «ئازادی ئازادكراوی ئازادكار»، بەڵكو لاشەی ژن لێرەیە بۆئەوەی بە باشترین شــێوە خۆی لەگەڵ ئەو نۆرم و جەبرە كۆمەڵایەتیانەدا رابێنێــت كە ئــەم ماكرۆ ســتراكتۆرە دەزگاییە لەنێو مێژوویەكی كۆمەڵگەیی هەزار ساڵەدا دروستیكردون و جیهانی كۆمەڵایەتی پێڕێكخستوون.

**ئایا ژنی كوردستانی ئەكتەرێكی ئازادە یان لاشەیەكی داگیركراو؟ ئایا قوربانی دەستی ستراكتۆرە زەبەلاحە مێژووییەكانە یان كائینێكی راپەڕیوی خۆ-دروستكار؟ ئایا مرۆڤێكی دەستەمۆكراو و ماڵیكراوە یان یاخیەكی بەرهەڵستكار؟**

**تا ئەو كاتەی كە لاشەی ژن لەنێو رووبەری نۆرمە پشێنیاركراوەكاندایە، ئیدی وەک كائینێكی پاک، بێگەرد، تەندروست، خاوێن، وەک برغویەكی كارا لەنێو ماشینە گەورەكەدا، وەک كۆپلەیەک لە شیعرێكی وەزن و قافیەدار، وەک نۆتێک لە ئاوازێكی مۆسیقی دەخرێتە سەر شانۆ كۆمەڵایەتیەكان**




لەنێو ئەم دەزگایەدا سەری ژن فێری ئەوەدەکرێت کە کەی، چۆن، لەکوێدا خۆیداپۆشێت یان خۆی دەربخات. دەمی ژن فێری ئەوەدەکرێت کە کەی، چۆن، لە کوێدا خۆی بکاتەوە یان خۆی دابخات، چاوی ژن فێری ئەوەدەکرێت کە کەی، چۆن، لەکوێدا خۆی کزبکات و بۆ بەردەمی خۆی بڕوانێت یان بەتەواوی خۆی بکاتەوە و راستەوراست بڕوانێت،...، هەر ئۆرگانێك لە ئۆرگانەکان، بەمشێوەیە لەنێو سیستەمێك لە نۆرمدان و رووبەری «نۆرماڵیزەکراویان» بۆ ئامادەکراوە.

ماکرۆ ستراکتۆری ئاینی، وەك هەر دەزگایەکی کۆمەڵگەیی، لەپەنای هەر نۆرمێکدا (نۆرم بریتییە لە چوارچێوەیەك، هەر چوارچێوەیەکی ئەخلاقی، کولتوری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی،...، کە دواتر دەبێت بەو پێوەرەی کە ئاستی نۆرماڵبوونی «ئاساییبوونی» هەر کردەیەك دەپێوێت) چوارچێوەیەك لە سزایشی هەیە.

تا ئەو کاتەی کە لاشەی ژن لەنێو رووبەری نۆرمە پشێنیارکراوەکاندایە، ئیدی وەك کائینێکی پاك، بێگەرد، تەندروست، خاوێن، وەك برغویەکی کارا لەنێو ماشینە گەورەکەدا، وەك کۆپلەیەك لە شیعرێکی وەزن و قافیەدار، وەك نۆتێك لە ئاوازێکی مۆسیقی دەخرێتە سەر شانۆ کۆمەڵایەتیەکان.

لە دۆخێی ئاوادا، لاشەی نۆرماڵیزەکراوی ژن دەبێت بە جێگای شانازی ئەوانیتر، دەبێت بە گرانبەهاترین کاڵای فرۆشتن و کڕین، ئەو نرخەی کە دەخرێتە سەر هەر ئۆرگانێکی لاشە ماڵیکراوەکەی زۆرترە لە نرخی هەموو شتەکانی دیکە. ئەم لاشەیە ئیتر بەتەنها ژنێکی تیادا ناژی، بەڵکو شەرەفی کۆمەڵگەیەکیشی تیادا دەژی!

هەر لادانێك، هەر هاتنە دەرەوەیەك، هەر یاخیبوونێك، هەر پرسیارکردنێك لەم نۆرمە مێژووییە کۆمەڵگەییانە، لەلایەن ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتی و ژنان بەتایبەتیەوە، وەك سنورشکاندن، هەتککردن، دوورکەوتنەوە لە شەرەف، پیسبوون دەخرێتە سەر شانۆ کۆمەڵایەتیەکان. ئاین وەك ماکرۆ ستراکتۆری دەزگایی، کۆمەڵگەیی، لۆکالیزەکراو، نەك وەك دیاردەیەکی یونیڤێرسالی بێ زەمانی، بێ مەکانی، بێ کولتور، دێت و نەفرەتێکی هەمیشەیی، نەفرەتێکی رەشی بینراو لە هەموو لایەکەوە، دەخاتە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە بەجۆرێك لە جۆرەکان، لە ئاستێك لە ئاستەکاندا، گومان لەسەر جەبرە دەرەکیە پێشتر ئامادەکراوە کۆمەڵایەتیەکان دروستدەکەن و بەدوای خۆیاندا، خۆیان وەك مرۆڤی ئازاددا دەگەڕێن.

بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ژنی کوردستانی، لەم جەنگە توندوتیژەدا، هەموو چەکەکانی «تەسلیم»کردووە و بۆ هەمیشەیی کڕنوشی بۆ جەبرەکان بردووە و پشتیکردووەتە هەموو فۆرمەکانی بەرەنگاربوونەوە؟

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**چەند پێموایە کە «سەپاندن»ی میتۆدێک بەسەر واقیعێکی «تایبەتدا»، بەبێ بیرکردنەوە، هەڵوەشانەوە و هێنانە دەنگی، هەڵەیەکی گەورەیە، هێندەش هەوڵنەدان بۆ تێگەشتن لە میتۆدە گەورەکان هەڵەی گەورەیە**



# کچان بەدروستی پەروەردە نەکرێن.. خانمانی لێهاتوومان نابێت

# نیوەی سەرچاوەی مرۆیی مێینەیە و کەمترین وەبەرهێنانیشی تێدا ناکرێت

گوڵان: کۆمەڵایەتی

***

**زۆرجار چالاکوانی مەدەنی باسی تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی مێینە و جۆری پەروەردەی تەندروستی کچانیان کردووە، بەتایبەتی ئەوەیان بەرجەستە کردووە کە کچان لە کۆمەڵگەی نەریتیدا بە منداڵیی نوقمی یاسای خێزانی دەکرێن و، دەیان بەربەست لە بەردەم گەشەکردنی فکری و کارامەیی و تواناکانیاندا دروست دەکرێ، لەنەوجەوانیش یاسای تایبەت بەخۆیان نییە کە داکۆکی لە مافەکانیان بکات، حکومەتیش بایەخی تەواوی بەو بوارە نەداوە. پەرلەمانتارێکیش بە پێویستی دەزانێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی ئافرەتان داواکارییەکانی کچان لە شێوەی پرۆژەیاسا، یان هەر وەك داواکاری پێشکەش بە لیژنەکانی مافی مرۆڤ و ژنان و لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی یاسایەکی تایبەت بە کچان دابنرێ، یاخود بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە سەبارەت بە مافەکانی کچان هەندێ یاسا هەمواربکرێ.**

***

### ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت پرۆژەیاسا پێشکەش بە پەرلەمان بکەن

«کاتێك کار دەکرێت بۆ ئافرەت، مەبەست ڕەگەزی مێیە و باسی کچ، یان ژنبوون ناکرێ، هەروەها کاتی یاسایەك بۆ لاوان دادەنریت، بۆ تەمەنی ١٦تا ٣٦ ساڵانەو هەر دوو ڕەگەز دەگرێتەوە، بۆ نموونە بۆ دامەزراندنیش بە هەمان شێوە هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، بەڵام دەبێ کچان خۆیان ڕۆشبیریی یاساییان هەبێ و مافاکانی خۆیان لەیاساکاندا بناسن، تا بتوانن هەوڵی بۆ بدەن و مافەکانیان دەست بخەن».

ئەوە دەستپێکی قسەکانی ناسك تۆفیق ئەندامی لیژنەی داکۆکی لەمافی ئافرەتان لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بوو. ناسك بە پێویستی دەزانێت «ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی ئافرەتان داواکارییەکانی کچان لە شێوەی پرۆژەیاسا، یان هەر وەك داواکاری پێشکەش بە لیژنەکانی مافی مرۆڤ

جوان حەسەن

**حکومەت لە بواری تایبەتمەندیی کچان و پەروەردە و پێگەیاندن و دامەزراندنیان و بە خاوەن ئابووری کردنیان کاری بەرچاوی نەکردووە**

کارزان ساڵح

**تائێستاش بوار نادرێ کچان تەنانەت خوێندنیش تەواو بکەن، ئەوە ئەقڵییەتێکی کۆنی چەقبەستووەو پێویستە بە یاسا بەرەنگاری ببینەوە**

و ژنان و لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پەرلەمانی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی یاسایەکی تایبەت بە کچان دابنرێ، یاخود بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە سەبارەت بە مافەکانی کچان هەندێ یاسا هەمواربکرێ. گوتیشی «کچان دایکانی داهاتووی وڵاتن و دەتوانن لە پرۆسەی سیاسیشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت، بۆیە نابێت پەرلەمان و حکومەت پەراوێزیان بخەن».

**پەراوێزخستنی کچان**
**پێشێلکردنی بەئاشکرای مافەکانی مرۆڤە**

عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە لەڕووی ڕەگەزەوە ژن و کچ یەك ڕەگەزن، بەڵام زور جار باس و خواسێك دێتەئاراوە لە ژێر ناونیشانی کێشە، یان مافی کچان، ئەو باسەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە، لەوانە: بەشێك لە کچان پێش قۆناغی هاوسەرگیری لە بواری بەشداربوون لە کاری سیاسی، ئیداری و ئابووریدا ئارەزووی بەدیارخستنی تواناکانیان هەیە، تەنانەت بۆ گەیشتن بە پلەیەکی رابەرایەتیش هەوڵ دەدەن. ئەوەش وادەکات زۆرجار لە پرۆسەی هاوسەرگیری دوادەکەون و لەوانەیە بگەنە تەمەنێك کە هەلی پێکهینانی خێزانیان لەدەست بچێت. هەروەها بەشێکی دیکەی کچان لەڕێگەی خوێندنەوە مەیلی خۆپێگەیاندنیان هەیە و دەیانەوێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە پێگەیەکی بەهێزدا بن .خاڵێکی دی ئەوەیە هەندێك لە کچان بە هۆی لەدەستدانی دایك و باوکیانەوە ناچار دەبن مل بدەنە بەر مانەوەیان لە ناو خێزانەکانیاندا لە پێناوی بەخێوکردنی خوشك و براکانیان، ئەمەش لەخۆبوردووییەکی گەورەیە. ئەمەو چەندین نموونەی تریش هەیە بو ئەم بابەتە، کە ئەو باس و خواستە وەکو گرفتێك سەرهەڵدەدات».

عارف روشدی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەو حاڵەتانە نابێ وەکوو کێشەیەکی کۆمەڵگە حیسابی بۆ بکرێ؟ گوتی: «لەڕاستیدا کێشەیە و پێویست دەکات لە ئاستیدا هەڵوەستەیەك بکرێت و بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بکرێتەوە تاکو کچانیش وەك توێژێکی هەستیاری کۆمەڵگە لە چالاکی و مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانیان بێ بەش نەکرێن، بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت لە پەرلەمانی کوردستان بە یاسایەك مافەکانیان دابین بکرێت و ڕێگەخۆشکەر بێت لە بەردەمیاندا لە پێناوی وەگەڕخستنەوەی تواناکانیان لەو بوارانەدا کە ئارەزووی دەکەن و دەتوانن بوونی خۆیانی تێدا بنوێنن. بێگومان گەر کچان بە هۆکاری کچ بوون، پەراوێز بخرێن، ئەوە بەئاشکرا مافەکانی مرۆڤ پێشێل کراوە».

**بۆ پەرەپێدانی توانای خانمانی داهاتوو**
**زۆر کەم وەبەرهینان لە کچاندا کراوە**

ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵناس فەریق هیرانی، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا بە کەمتەرخەم دەزانێت و دەڵێت: «پەرلەمان و حکومەت تەنیا بە ڕواڵەت کاریان بۆ پرسی مێینە کردووە، بۆیە تاکو ئێستا لە بارەی مافی کچان هیچ یاسایەك لە پەرلەمان بوونی نییە، ئەوەش وایکردووە بەتایبەتی بەرژەوەندیی کچان و توانا و تایبەتمەندییەکانیان پشتگوێ خراوە، پێویستە لە پەرلەمان یاسایەك پەسەند بکرێت بەوەی زیاتر بایەخ بە پەروەردە کردنی کچ و تایبەتمەندی خویندنی کچان بدرێت و ئەوکات حکومەت بە یاسا کاری خۆی بکات و لە



کابینەی هەشـــتیش ئەوە پەیڕەو بکرێـــت، ئەوە ڕێگەیە بۆ هێنانەکایەی بەرژەوەندییەکانی ئافرەتان بەگشـــتی و کچان بەتایبەتی، هەروەها پێویستە هەوڵبدرێت چەند وەزارەتێك بە ئافرەت بدرێـــت و، بەڕێوەبەرایەتی و دیوانی وەزارەتەکانیش ٢٥٪ی بۆ خانمـــان تەرخان بکرێـــت، ئەوانە هەلی کاری زیاتـــر بۆ کچان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەیەتی و هتد دەڕخسێنێت».

بە بڕوای ئەو کۆمەڵناسە بوونی یاسای تایبەت زەروورەتێکی زۆر گرنگە و لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کراوە بەڕووی ڕەگـــەزی مێینەدا، ڕۆڵی کاریگەری دەبێت، گوتیشـــی: «لەبەر نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە خواست و مافەکانیان، تاکو ئێستا قوربانیدەری ئەم کۆمەڵگەیە مێینەن، بۆیە بەلای منـــەوە دەبوایە کابینەکانی ڕابردوو کاریـــان بۆ ئەم بابەتە هەســـتیارە بکردابایە، هیوادارم کچان لە پەرلەمان بایەخی زیاتریان پێبدرێت و لە کابینەی داهاتووی حکومەتیش ڕۆڵی خۆیان هەبێت».

**تاکو گرنگی بە کچان نەدەین**
**ناتوانین خانمی پێشەنگ دروست بکەین**

ڕۆژنامەنووس کارزان ســـاڵح ڕایوایە خێزان، هاوڕێ، قوتابخانـــە، ئایین، ڕاگەیاندن، کۆمەڵگەی مەدەنی و پەرلەمان و حکومەت لە پەروەدەی منداڵ بەرپرسیارن و هەموویان ڕۆڵی تایبەت بە خۆیان دەبینن. گوتیشی: «تاوەکـــو بە پلەی یەکەم گرنگـــی بە کچان نەدەین، ناتوانین تاکی پێشـــەنگ و خانمی پێشەنگ دروست بکەین، هەر ئەوەشـــە وایکردووە کۆمەڵگەی کوردی نەیتوانیوە خۆی لە نەریتی باوکسالاری ڕزگار بکات، تائێستاش بوار نادرێ کچان تەنانەت خوێندنیش تەواو بکەن، ئـــەوە ئەقڵییەتێکی کۆنی چەقبەســـتووە، کە پێویستە بە یاسا بەرەنگاری ببینەوە«.

ئەو ڕۆژنامەنووسە جەختی لەوە کردەوە کە «سیاسەتی پـــەروەردەی حکومەتـــی هەرێم تا ئێســـتا نەیتوانیوە لەڕێگەی ناوەندە پەروەردەییەکانەوە سیستمێکی پەروەدەی تەندروست ئامادە بکات، هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشـــنبیری خێزانەکانیش بەرامبەر بە کچان نەدراوە، بۆیە کۆمەڵگـــە ئەو بۆچوونە هەڵەی لەلا دروســـت بووە کە پێیانوایە کچـــان ناتوانن لە ڕووی مەعریفی و ئیدارییەوە بگەنە ئاســـتی کـــوڕان. هەروەها ئۆباڵی گەورەی ئەو گرفتە دەکەوێتە ئەســـتۆی ڕاگەیاندنی کوردی کە بەشێوەیەکی گشتی لەو بوارەدا کەمتەرخەم بـــوون، تاوەکـــو ئێســـتاش کەناڵێکـــی تایبەتمەند و پرۆفیشناڵی پەرەوەردەییمان نییە، ئەوەش مەترسییەکی گەورەیـــە. بۆیـــە تێڕوانینی کۆمەڵگـــە بۆ کچ زۆر خراپە و هەندێك جومگەی ئەم کۆمەڵگەیە بە چاوی نێچیر سەیری کچان دەکەن، بە تایبەتی کاتێك ڕوو لە ناوەندەکانی کا دەکەن». کارزان لە کۆتایی قسەکانیدا ڕەخنەی لە «کەمتەرخەمـــی و گوێنەدانی خودی کچان» گرت و گوتـــی: «کەمتەرخەمی بەرامبەر ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و ماف و ئیمتیازاتی خودی کچیش گرفتێکی گەورەیە، بۆیە دەبێت بە بوێری بـــۆ بەرەوپێش چوونی خـــودی خۆی و ئەو ئامانجەی کـــە هەوڵی بۆ دەدات، کار بکات، بەبـــێ گوێدانە تێڕوانینە سەقەتەکانی کۆمەڵگە، ئەوەی بەو شـــێوەیە کاری کردووە، ســـەرکەوتوو بووە، لە کۆن و لە ئێستاشـــدا نموونەیان هەیـــە کە ڕێچکەشـــکێن بوون و بوون بە پێشەنگی ئافرەتانی دیکەو جێگەی شـــانازی خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەکەیانن».



ناسك توفیق

**کچان. خانمانی لێهاتووی داهاتوون وڵاتن و دەتوانن لە پرۆسەی سیاسیشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت، بۆیە نابێت پەرلەمان و حکومەت پەراوێزیان بخەن**

عارف روشدی

**پێویستە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بکرێتەوە تاکو کچانیش وەک توێژێکی هەستیاری کۆمەڵگە لە چالاکی و مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانیان بێ بەش نەکرێن**

# پێشکەوتنی کۆمەڵگە
# بەرهەمی یەکسانی نێوان رەگەزی نێر و مێیە

ژیان لە کۆمەڵگەی یەکسان و دوور لە جیاوازییە ڕەگەزی و ئایینییەکان خەونی لەمێژینەی زۆربەی بیرمەندانی سەر گۆی زەوی بووە، ئەو وڵاتانەش کە لەو بوارەدا هەنگاوی بەرچاویان هەڵگرتووە، ئەگەر لە کۆمارە خەیاڵیەکەی(ئەفلاتوون)ی ئیگرییەکان نزیک نەبووبێتنەوە، ئەوا لانیکەم لە بواری کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا سەرکەوتوو بوون. بەڵام بۆچی لە زۆربەی وڵاتانی نەریتی و دواکەوتوو، تەنانەت لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکانیشدا جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاو بە زەقی هەستی پێدەکرێ؟ ئایا هێنانەدی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت چ گرنگییەکی هەیەو، تا چەند لە گەیشتن بە وڵاتێکی گەشەکردووی پێشکەوتوو نزیکمان دەکاتەوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

## ڕوانگەی کۆمەڵگە لە یاسا کاریگەرترە

یاساناس مەیادە محەممەد نەجار، کاتێك ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە، کە هێنانەدی یەکسانیی نێوان ئافرەت و پیاو چ گرنگییەکی هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێت: «ئەگەر لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا بە یەکسانی مامەڵە بکرێت و ئافرەت وەك مرۆڤێك لەو یەکسانییە جیا نەکرێتەوە، ئەو کات بە ئاسانی کۆمەڵگە پێشدەکەوێت .بۆیە لەڕووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە زۆر گرنگە مرۆڤەکان هاوتا بن، ڕوانگەی کۆمەڵگە زیاتر لە یاسا دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژیانی تاك هەبێت، واتە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئازادی تەواویان بە ئافرەت داوە، توانیویانە یەکسانیی ڕەگەزی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا پەیڕەو بکەن، لەهەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتوو بوون، چونکە یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان دەبێتە هۆی زیاترکردنی داهاتی کۆمەڵگە و بە هەردوو ڕەگەز دەتوانن کۆمەڵگە بەرەو قۆناغی نوێ بەرن، هەر لایەکیان بیەوێت زیان لەوەی تریان بدات، ئەو کات کۆمەڵگە زەرەرمەند دەبێت».

بەبروای ئەو یاساناسە جیاکردنەوەی چەمکی ڕەگەزەکان لەلایەن سیستەمە پیاوسالارییەکانەوە بووەتە هۆی ئەوەی هەردوو ڕەگەز لەڕووی کارەوە لەیەکتر جیا بکرێنەوە، ئەوەش وای کردووە ئافرەت لە گەیشتن بە داهاتی سەربەخۆی ئابووری پەراوێز بخرێت.

## لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ هاوتەریبن

سەرۆکی ڕێکخراوی توانسازیی ئافرەتان (سۆزان عارف)، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە تاکە هەنگاو بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگە پێش بکەوێت، لەوەدا کورت دەبێتەوە کە هەڵمەتێکی بەرفراوانی وشیارکردنەوە دەست پێبکات، گوتیشی: «کۆمەڵگەی ئێمە پێویستیەکی زۆری بە وشیارکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵگەیەکی مۆدیرن و یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان مسۆگەر بکات .بێگومان لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ هاوتەریبن، بەڵام بەهۆی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی لە کۆمەڵگە نێرسالارییەکاندا هەیە، جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەز دروستبووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە نەتوانێت وەك پێویست کار بۆ بەهێزکردنی خۆی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بکات. گوتیشی: «کۆمەڵگەی پیاوسالاری دژایەتی هەموو ئافرەتێکی بەتواناو بەهێز دەکات و دەیەوێت ئافرەتان بکاتە پاشکۆی پیاوان، کۆمەڵگەی لەوجۆرە بێگومان پێش ناکەوێت، چونکە ئافرەتان نیوەی ژمارەی دانیشتووانی هەر وڵاتێك پێکدەهێنن، ئەگەر پشتگوێ خران، ئەو کات نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە لەڕووی ئابوورییەوە پەکی دەکەوێت و وەك جەستەیەکی لێدێت کە نیوەی کار نەکات».

## هەنگاوەکانی حکومەت
## لە پێناوی کەمکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەزی لاواز بووە

دواتر توێژەری کۆمەڵایەتی هێرۆ عەلی حەسەن لە سەنتەری چارەسەری دەروونی، ئەوەی بۆ گوڵان شیکردەوە کە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە ئافرەتان لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە پشتگوێ خراون، پێشکەوتنی ئەوتۆیان بەخۆیانەوە نەبینیوە، بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەردوو ڕەگەز دەکەن و وەك یەك مافەکانیان دابین کراوە، زۆرترین پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینیوە. نموونەشی بە ئەڵمانیا لەدوای جەنگی جیهانی دووەم هێناوە کە زۆرترین ڕێژەی پیاوانی لەدەست دابوو، ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەت و منداڵەکان مابوونەوە کە بتوانن کار بکەن، هەر ئەوانیش وڵاتی خۆیان ئاوەدان کردەوە، توانییان شانبەشانی ئەو پیاوانەی لە دوای شەڕ مابوونەوە، سەرجەم ئەو هێز و قەبارەیەی وڵاتی خۆیان بگێڕنەوە کە پێشتر لەدەستیان چووبوو، تا ئێستاش کۆمەڵگەی ئەڵمانی کۆمەڵگەیەکی یەکسانە بۆ ژن و پیاو بە مانای گشتی یەکسانی ڕەگەزی لەو وڵاتەدا پەیڕەو دەکرێت، بەهۆی ئەوەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی ئەو وولاتانەی کە یەکسانی ڕەگەزی تێدایە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت پێشبکەوێت .

ئەو کۆمەڵناسە ڕەخنە لە هەنگاوەکانی حکومەت لە پێناوی کەمکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی دەگرێت و دەڵێت: «بەداخەوە هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی لە پێناوی کەمکردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی لاواز بووەو هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرنامەی وردی لە پەروەردەکردن و هەڵبژاردنی ئافرەتاندا نەبووە کە باوەڕی تەواوی بە نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی هەبێت، ئەوەتا چەندان وەزیری ئافرەت هەبوون، بەڵام بەگشتی وەك پێویست نەیانتوانیوە گۆڕانکاری لەپرسەکەدا بکەن».

## نەریتی هاوردەی بیانی
## جیاوازییەکی زۆری ڕەگەزی بەرجەستە کردووە

پسپۆڕی کارگێڕی کەریم حەمەد ئەمین ڕایوایە «ئافرەتان و پیاوان لەڕووی کارگێڕییەوە یەکسانن، بەڵام نەریتی هاوردەی بیانی جیاوازییەکی زۆری لەنێوان هەر دوو ڕەگەزدا بەرجەستە کردووە، کە بۆتە هۆی ئەوەی ئافرەتی کوردو بگرە سەرجەم ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی جۆراوجۆریان بۆ دروست بکرێ و لە هەموو مافەکانیان بێبەش بکرێن».

کەریم جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە لەم قۆناغەدا ئافرەتان چالاکی زیاتریان هەبێت و بە بزافی خۆیان بتوانن گۆڕانکاری لەسەرجەم بنەما نەریتییەکان بکەن و کۆمەڵگەیەکی مۆدیرن دروست بکەن، چونکە ئافرەتان لەڕووی کارکردنی کارگێڕییەوە کێشەکیان نییە، لەیاسا و سیستەمی کارگێڕیدا هەردوو ڕەگەز یەکسانن، ئەوە نەریتی نێرسالارییە کە لە مافەکانیان بێبەشیان دەکات. گوتیشی: «وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کاری بۆ یەکسانی و مسۆگەرکردنی بنەمای جێندەری نەکردووە، ئەگەر بیری لەگرفتی ئافرەتان بکردایەتەوە، دەیزانی کە ئەرکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە لەو خولە پیشەییانەی کە دەیکاتەوە، زیاتر گرنگی بە ئافرەتان بدات، نەك وەك ئەوەی کە دەبینین ئەو خولانە زۆرتر بۆ پیاوان ڕێکدەخرێن».

ئەو پسپۆڕە کارگێڕییە جەختی لەوە کردەوە کە نەبوونی هاوکاری لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی ئابووری دەبێت و وادەکات کۆمەڵگە هەر بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە، گوتیشی «ئافرەتانی زۆر کۆمەڵگە سەرکەوتووانە توانییان قۆناغەکان ببڕن، لە وڵاتێکی وەك لوبنان هەردوو ڕەگەز وەك یەکتر کاردەکەن، ئەمەش وایکردووە ئەو وڵاتە بتوانێت خۆی دروست بکاتەوە».

**حکومەتی هەرێم هەنگاوەکانی لە پێناوی کەمکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەزی لاواز بووەو هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە**

**ڕوانگەی کۆمەڵگە لە یاسا زیاتر دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژیانی تاك هەبێت**

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کاری بۆ یەکسانی و مسۆگەرکردنی بنەمای رەگەزی نەکردووە**

**پێویستە لەم قۆناغەدا ئافرەتان چالاکی زیاتریان هەبێت و بە بزافی خۆیان بتوانن گۆڕانکاری لەسەرجەم بنەما نەریتییەکان بکەن و کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن دروست بکەن**